# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.
ئەم ژمارەیە لە سلێمانییەوە بڵاوکراوەتەوە..

# تاراوگە TARAWGA

**28 Januari. 2019 No. [28]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە

نووسین بە هەموو مەوداکانییەوە، ڕزگاربوونە لە خودی ناخی خۆت و دەرپەڕینە بۆ دەرەوە....! ل 1 سەلاح حەسەن

چەند پەیڤێک دەربارەی گۆڤاری (تاراوگە): دیدارێکی خۆمانە بەختیاری شەمەیی

چیرۆکی چاوەڕوانییەکی تاڵ....بە زمانێکی شیرین...!عەبدولغەنی کاکۆ

ڤۆیتێک... ئەو ورچەی لە کوردستانەوە پەیوەندی بە سوپای پۆلۆنیاوە کرد..
بەکر شوانی ل 4

هونەرمەندی شێوەکاری کورد هاوژین جەلال وەستا ئەمین بەنا....ل8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

28 Januari 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 28
28 جەنیوەری2019

# نووسین بە هەموو مەوداکانییەوە، رزگاربوونە لە خودی ناخی خۆت و دەرپەڕینە بۆ دەرەوە.

## بۆ دەنووسین

ئایا نووسین پرۆسەیەکە لە خۆبەتاڵکردنەوەی ناخ بە مەبەستی بەخشینی شتێک؟ هەروەک بەخشینی دیاردەیەک بە ژیان، یان نووسین پرۆسەیەکە لە بەتاڵی ژیان و پڕکردنەوەی بە شتێک یان کاڵایەک یان شێوازێ؟، هەندێک نووسیویانە و دەڵێن "نووسین هەناسەدانە بە مێشک تا نەتەقێتەوە، یان دەڵێن ئارامکردنەوەی دڵە تا لە راوەستان نەوەستێت، یان بەخشینی پەیامێکە دەبێ بگەیەنرێت"، قادر عەبدوڵای رۆماننووسی هۆڵەندی لە کتێبی "خەتی بزماری"دا دەڵێت " نووسین هەستکردنە بە گوناه" ئەو گوناهەش دەبێ بوترێ و دەرخرێ و دانی پێدابنرێت. نووسینێکی زۆرم لەسەر ئەم بابەتە خوێندووەتەوە، نووسەران و داهێنەرانێکی زۆری جیهان هەر لە تۆلستۆی و دیستۆفسکی و هەمەنگوایی و کافکا تا دەگاتە مۆدێرنترین نووسەرانی ئەم سەردەمە قسەیان لەم بابەتە کردووە و هەریەکەیان ئەم کردەیەیان بە شتێک شوبهاندووە، هەندێک پێیان وایە نووسین خەونو خەیاڵێکە لە شەودا روودەدا و دەبێ سبەینێ بیانگێڕیتەوە، یان کەسانێکی تر دەڵێن : نووسین وەک هەوکردنێکە دەبێ هەرچیەک لەدەست دێت ئەنجامی بدەیت بۆ ئەوەی ئەو هەوکردنە لەناوبەریت، گەر لەناوی نەبەیت دەتخواتەوە .بۆیە پرۆسەی نووسین کەم تا زۆر هانی مرۆڤ دەدات و دەیجوڵێنێت و پاڵیپێوەدەنێت تا بیروئایدیاکانی وەرگێڕێتە سەر وشەی رەشی سەر سەر پەڕاو. نووسین بەدەر لەوەی کردەیەکە لە ناخی نووسەرەوە هەڵدەقوڵێ، بەڵام زادەی کۆمەڵێ پەیوەندی دیکەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کولتوورییە، وشە لە ئاسمانەوە دانابارێتە سەر نووسەر ئەگەر نووسەر بەجۆرێ لە جۆرەکان لە پەیوەندی توندوتۆڵدا نەبێت لەگەڵ دەوروبەرەکەی و لەگەڵ ناخی خۆیدا، دەبێ ئەو پەیوەندیانە بە شێوەیەک لە ململانێ بگۆڕێت بۆ ئایدیا و بیر و چەمک و شێواز. کەواتە لێرەدا دیسان پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدا زۆر گرنگترە ئەویش ئەوەیە ئایا نووسین داوای چ پەیوەندییەک لە نووسەرەکەی دەکات، ئایا دەبێ پەیڕەوی جۆرێک لە پرۆگرام و ستراتیژی تایبەت بکات، ئەگەر بڕوانینە ئەو بیرمەندانەی قسەیان لەسەر نووسین کردووە، هەندێکیان ستراتیژ و پرۆگرامی نووسین تەواو لە دەرەوەی نووسەر لێکدەدەنەوە، وەک کاری نووسەرانی بونیادگەری و فۆرمالیستە رووسەکان، لەوانە رۆلان بارت و شۆمسکی و یاکۆبسن. یان هەندێک هەن تەواو نووسین وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینن و هەر گۆڕانکارییەک لە مەوداو و رێباز و ئاکاری نووسین بۆ نووسەرەکە دەگێڕنەوە، نووسەرەکەش بەوەی کوڕی کۆمەڵگاکەیەتی بۆیە دەبێ کارەکانی رەنگدانەوەی خۆیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکەی بێت، زۆر لە نووسەرە مۆدێرنەکانی ئەم سەردەمەش هەروەک سەردەمی واقیعی و رۆمانسی بڕوایان وایە بوونی پێگەی کۆمەڵایەتی هۆشی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت، واتە لە دەرەوەی کۆمەڵگا دروستبوونی نووسەر مەحاڵە .ئەمەیان بە گشتی دەمانگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی، کەواتە بۆ ئەوەی تێکست و دەق و وشە و ژانرەکان لەدایک بن، دەبێ پەیوەندییەک لە ئارادابێت، پەیوەندی نووسەر لەگەڵ



سەلاح حەسەن پاڵەوان

دەوروبەرەکەی، یان لەگەڵ ناخۆی خۆی، بەڵام نووسەر خۆیشی، زادەی کۆمەڵێ پەیوەندی خود و ناخ و مێشکی داهێنەرانەیە، مەزنی بەرهەمە رۆشنبیرییەکان بە هەر ئاست و ژانرێکەوە بۆ خودی نووسەرەکەی دەگەڕێتەوە، واتە پرۆسەی کارلێکردنی ناخ و مێشکی خاوەن قەڵەم و کۆمپیوتەر، دەبێتە هۆی پێکهێنانی وشە و رستەکان. لەم سەردەمە کە گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و سیبرانی و بەرفراوانی ئاستەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئەلیکترۆنییە، بواری بۆ عەقڵ فراوانتر کردووەتەوە، بەڵام سنووری بیرکردنەوەی نووسەری تەسکتر کردووەتەوە، ئەو مەوداو و فەزایانەی کە پێشتر بۆ خوێنەر خەیاڵ و خەون و جۆرێک لە نهێنی بوو، ئەمڕۆ بووەتە شتێکی ئاسایی و مەئلوف، بۆیە بواری فەنتازیای نووسەر کەمبووەتەوە، تەنانەت لە ژانرە نائەدەبیی و هونەریەکانیش نووسەر ئەرکەکەی زۆر سەختتر بووە، راستە دیاردە رۆحییەکان لەهەموو سەردەمێکدا هەر یەک شتن و بە یەک ریتم دەچنە پێشێ، بەڵام گۆڕانکاری بواری تەکنەلۆژیا و گەشەکردنی پەیوەندی و تەسکبوونەوەی سنوورەکان وایانکردووە، مرۆڤ زۆر لە نزیکەوە دیاردەکان بناسێتەوە، ئەوەی دوێنێ نهێنیەکی فەنتازیی و ئەفسانەئاسا و حەکایەتئامێز بوو، ئەمڕۆ زانست بووەتە هۆی دورخستنەوە و کەمکردنەوەی ئەو شتانە لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمە. هەربۆیە، زۆرێک لە نووسەران گرفتی ئەوەیان هەیە کە چۆن و لە کوێوە بچنە ناخی نووسەرەکانیانەوە. ئەم ئەرکە لە بواری ئەدەبدا زۆر سەختترە تا لە بوارەکانی تردا، رەنگە بۆ هەندێ بواری تر نووسین و ئەرکی نووسین ئاسانتر بووبێت، ئەو سەختیەی جارانی نەماوە .دیسان دەگەڕێینەوە سەر پرسیارە سەنتەرییەکە ئەویش ئەوەیە بۆچی دەنووسین؟ بێهیچ دوودڵییەک بۆ بەتاڵکردنەوەی ناخ دەنووسین، بۆ گەیاندن و دامەزراندنی پەیوەندی، هەندێجار وەک بازرگانێ دەنووسین و هەندێجار وەک کۆڵبەرێ دەبێ بارەکەی سەرشانی بگەیەنێتە جێگەی مەبەست، هەندێجار نەخۆشیەکە و باری جەستەمانی گران کردووە، بەدوای چارەسەردا دگەڕێین، دەبێ بیدۆزینەوە. کەواتە نووسین بە هەموو مەوداکانییەوە، رزگاربوونە لە خودی ناخی خۆت و دەرپەڕینە بۆ دەرەوە.

# چەند پەیڤێك دەربارەی گۆڤاری (تاراوگە):

## دیدارێکی خۆمانە و هاوڕێیانە لەگەڵ برای بەڕێزم کاك سەردار فەتاح دا.





دیدارێکی خۆمانە و هاوڕێیانە لەگەڵ برای بەڕێزم کاک سەردار فەتاح دا.

ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١٧، لە یەکتری بینینێکی خۆمانە و هاوڕێیانەدا، کاک سەرداری بەڕێز، هەر ٢٧ ژمارەکەی گۆڤاری (تاراوگە)ی لە یەک بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و ڕازاوە و ڕێکوپێکدا پێشکەش کردم. بێگومان زۆر دڵی خۆش کردم و لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کە ڕێز و سوپاسی زۆری خۆمیان ئاڕاستە بکەم. لەگەڵ ئەم کورتە نووسینەدا، هەندێک لاپەڕەی ئەو بەرگەم سکان کردوون و دەیانخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز.

لەڕاستیدا باسەکەی ئەمڕۆمان بەگشتی لەسەر بارودۆخی ئێستای گۆڤاری (تاراوگە) بوو و دەستنیشانی هەندێک کێشە و گیروگرفتەکانی رابووردوو و ئێستایمان کرد.

شایانی باسە لە رابووردوودا بە دەستپێشخەری و سەرپەرشتیی کاک سەردار فەتاح، ٢٧ ژمارە لە گۆڤاری (تاراوگە)، بە شێوەی دیجیتاڵ لەنێو چەندین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. با لێرە ئاماژەش بەوە بکەم کە چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار، بەتایبەتی کە هەموو ئەرک و ماندووبوونەکەی بکەوێتە سەرشانی تاکە کەسێک، ئاسان نییە و نابێت چاوەڕوان بکرێت تاسەر بەردەوام بێت، هەرچەندە ئێمەش بەپێی کات و توانای خۆمان لە ناساندن و بەردەوامبوونی گۆڤاری (تاراوگە)دا یارمەتیدەر و هاوکار بووین. بۆ نموونە، هەموو ژمارەکانی لە لاپەڕەی (هەواڵنامەی کتێب – کە برای بەڕێز کاک چالاک محەمەد سەرپەرشتیی دەکات، هەروەها لە و ویبسایتی ناودار و خزمەتگوزاری (کوردیپیدا) دا کە هاوڕێ باخەوان ی خوشکەزام دامەزرێنەرییەتی و سەرپەرشتیی دەکات) بڵاوکراونەتەوە. خۆیشم هەموو ژمارەکانیم لەم لاپەڕەیەی خۆمدا بڵاوکردوونەتەوە. بەڵام هەرچۆن بێت ئەو دەستپێشخەری و ماندووبوونە زۆرەی کاک سەردار جێگەی دەستخۆشی و ئافەرینی زۆرە و شایستەی پێزانین ڕێز و سوپاسە. شایەنی باسە کاک سەردار بە ئەرک و هەوڵی خۆی، لە سلێمانی هەموو ژمارەکانی لە یەک بەرگی ٢٢٢ لاپەڕەی (ئەی چواردا) چاپ کردووەتەوە و بەسەر هەندێک لە نووسەران و لایەنە پێوەندیدارەکانی ڕەوتی ڕووناکبیری و چاپ و چاپەمەنیی کوردیدا بڵاویکردوونەتەوە.



تاراوگە بڵاوکراوەیەکی هەواڵی و ڕۆشنبیریی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت.
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات

ئەم بەرگە ژمارە 1 تا ژمارە 27 ی لە خۆ گرتووە

2019

تـــاراوگـــە

ئێمە لەو دانیشتنەماندا، هەروەکو هەموو جارێک، باسوخواسێکی زۆریشمان لەسەر گۆڤاری (تاراوگە) و بارودۆخی نووسین و ڕووناکبیری و ڕەوتی ڕۆشنگەریی ئەمڕۆی ناو وڵات و ناو کوردانی تاراوگەنشینیشدا کرد.

بەداخەوە ئەوە بۆ چەند هەفتەیەک دەبێت، گۆڤاری تاراوگە ڕاگیراوە و نەتوانراوە بەردەوامیی پێبدرێت*. بێگومان هۆکار زۆرن، دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ چەند نووسەر و ڕۆشنبیرێکدا ساز بکرێت و باسی هۆکارەکانی وەستانی تاراوگە و شێوە و شێوازی بەردەوامی پێدانەوەی بکرێت.

لێرەدا نامەوێت لەمە زیاتر کاتتان بگرم و درێژە بەم بابەتە بدەن. دەکرێت ئەو پێشەکییە بخوێننەوە کە بۆ چاپی ئەو بەرگەی ئەو ژمارانە نووسراوە کە ئاماژە بە چەندین خاڵی پێویست و گرنگ کراوە.

برای دڵسۆزتان

بەختیاری شەمەیی




دەستپێک



* سوپاس بۆ کاک بەختیاری شەمەیی ئازیز، بۆ ئەو بەتەنگەوە هاتن و دڵسۆزییەیان، ڕاستە لە دەرکردنی چەند ژمارەیەکی تاراوگە دواکەوتووین، هیوادارم بە کەمتەرخەمی حسابی بۆ نەکرێت، بەڵام بە هۆی سەفەرەکەم بۆ وڵات و کێشەی کۆمپیوتەر و هەندێ هۆکاری دیکەوە، بەداخەوە نەمتوانیوە، ئەرکەکانم ڕاپەڕێنم، لە ڕاستیدا کاک بەختیار و چەندین هاوڕێی دیکەش کەم و زۆرهاوکارم بوون، لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی تاراوگەدا، بەڵام خواستی ئێمە بۆ تاراوگە زۆر جیاواز تر بوو، وەک لەوەی ئەو ٢٧ ژمارەیەی پێشوومان بڵاوکردۆتەوە، بەهیوای بەردەوامی.

# چیرۆکی چاوەڕوانییەکی تاڵ...بە زمانێکی شیرین...!



عەبدولغەنی کاکۆ

مارگریێت دوراس ئەو خانمە نووسەرەی بووەتە ناوێکی درەوشاوە لە ئەدەبی هاوچەرخی فەڕەنسی، ڕۆمانەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی دونیا وەرگێڕدراون. من بۆ یەکەم جار ناوی ئەو نووسەرەم لەڕێگەی ڕۆمانی (خۆشەویستەکەم ..هێرۆشیما)وە بیستووە، دواتریش یەکێک لە جوانترین ڕۆمانەکانی ئەو نووسەرەم بەناوی (Der Liebhaber)واتە عاشق خوێندۆتەوە کە نووسەر ئیلهامەکەی لە بەشێکی ژیانی خۆی وەرگرتووە لە وڵاتی ڤێتنام. چونکە لەوێ لەدایک بووە. لەم ڕۆمانە جوانەدا دوراس پێمان دەڵێ عەشق و خۆشەویستی کە ڕەگی خۆی لەناخی مرۆڤدا داکوتێ بە ئاسانی کۆتایی نایەت، هەرچەندە بکەوێتە ژێر تۆز و گەردی ڕۆژگارە سەختەکان و ساڵانی دوورودرێژی لێکدابڕانیش ناتوانێ بە تەواوەتی ترووسکەو ڕۆشناییەکەی خامۆش بکات. لەم ڕۆژانەشدا ڕۆمانێکی تری ئەو نووسەرەم کەوتە بەردەست کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی بە ناوی (ژان) ڕۆمانەکە باس لە ژان وتاڵاوی چاوەڕوانی دەکات، ژنێک لە ڕۆژانی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا چاوەڕوانی مێردەکەی دەکات، کە ئاخۆ لە (زیندانی مەرگ)ی نازییەکاندا، بە زینوویی ماوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆلای ئەم؟ هەستێکی چەند پڕ لە حەسرەت و تامەزرۆییە، ژنێک هەمیشە بە خەیاڵ لەگەڵ یادگارییەکانی ڕۆژانی ڕابردووی، لەگەڵ وێنەو ڕوخساری جارانی هاوسەرەکەیدا، دەژی. دەستی هەمیشە لەسەر دڵییەتی هەر کاتێ هەواڵێکی تازەی پێشڕەوی سوپای هاوپەیمانان دەبیستێ بۆ سەر دوا مۆڵگەی سوپای تێکشکاوی نازییەکان، هەمیشە گوێ ڕادەدێرێ ئاخۆ ناوی مێردەکەی لەلیستی ڕزگاربووانی ئەو زیندانانە دایە ؟






ئەوەی ڕاستی بێت ڕۆمانی(Der Liebhaber) ، لە ڕۆمانی (ژان)،سەرنجڕاکێشتر و پڕ لە سەراوو دەراوی زیاترە، دەست بۆ زۆر هزر و لایەنی شاراوەی سروشتی مرۆڤ دەبات، هەر بۆیەش مارگرێت دوراس لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە گەورەترین ناوبانگی پەیدا کرد، بەڵام من وەک خوێنەرێک زیاتر چێژم لە ڕۆمانی ( ژان) وەرگرت . نەک هەر لەبەر ئەوەی ڕۆمانێکی تژییە لە سۆزی خۆشەویستی، لە تامەزرۆیی، لە هەستی مرۆڤایەتی، بەڵکو لەبەر ئەوەیش شێوەی وەرگێڕانە کوردییەکەی هێندە شیرینە کە مرۆڤ وا هەست دەکات کوردێک نووسیویەتی. لەکاتێکدا شێوازی نووسینی دوراس پێویستی بە مامەڵەیەکی ورد هەیە تا بتوانی مەبەستەکەی لێ بەدەست بهێنی، ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە شێوازی نووسینی قورسە، نەخێر دوراس بە سادەیی دەنووسێ بەڵام دەبێ خوێنەر بە وریایی بیخوێنێتەوە تا بتوانێ لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕێ بکات.. کە ڕۆمانی (ژان)م بە کوردی خوێندەوە زانیم وەرگێڕەکەی ئەم تێکستەی چەند بە هەند وەرگرتووە و چەند خۆی, بەوە ماندوو کردووە, کە مەبەستی نووسەرەکەی بەبێ گرێ بگەیەنێتە خوێنەری کورد، زمانپاراوی وەرگێڕ لەم کارەدا بەڕاددەیەکە کەوا لە زۆر شوێناندا زمانی دەربڕین و نووسین تێکەڵاو کردووە، یان سنووری لە نێوان وشەی لەفزکراو و شێوازی نووسینی وشەکەدا لابردووە (کە ئەمن ئەوەم پێ باش نیە) بەڵام لەلایەکی ترەوە دەربڕینەکانی بە کوردییەکی هێندە ڕەوان نووسیوە دەڵێی هاتووە جارێکی تر ڕۆمانەکەی داڕشتۆتەوە. لەخوێندنەوەی ئەم وەرگێڕانە جوانەدا، منیش هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە وەرگێڕان بە زمانێکی پاراو با لە زمانی یەکەمیشەوە نەبێت، باشترە لە وەرگێڕانێک بە زمانێکی سەقەت لە زمانی ئەسڵییەوە. هەڵبەتە هیچ شتێکیش لەوە باشتر نیە کە وەرگێڕان بە زمانێکی ڕەوان لە زمانی یەکەمەوە ئەنجام بدرێت. لە کۆتاییشدا حەزدەکەم وەرگێڕی هێژا ئەو پێشنیارەم لێ قەبووڵ بکات: لەبەر ئەوەی زمانی نووسین و داڕشتنەکەی دەوڵەمەندە بە دەیان وشەی جوانی کوردی کە ڕەنگە بۆ خوێنەری زۆر ناوچەی کوردستان وشەی کەم بیستراو بن، خۆزگە لە کۆتایی هەموو وەرگێڕانەکانی داهاتوویدا فەرهەنگۆکێکی دادەنا، تا ئەمەش ببێتە هەلێک بۆ ئاشناکردنی خوێنەران بە مانای ئەم وشانە.

# ڤۆیتێک... ئەو ورچەی لە کوردستانەوە پەیوەندی بە سوپای پۆڵۆنیاوە کرد

ڤۆیتێکی ورچ (١٩٤٢ کوردستان –١٩٦٣ سکۆتلاند) لای گەلی پۆڵۆنیا و گەلانی تری ئەوروپا ناوێکی ناسراوە و تا ئێستا دەیان کتێب و وتار لەبارەیەوە نووسراوە (بڕوانە وێنەکان).



ڤۆتێک وەک سەربازی خۆبەخش لە فەرماندەیی ٢٢ی کۆگای تۆپخانەی سەر بە فەیلەقی دووی سوپای پۆڵۆنیا لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا خزمەتی کرد و لە ساڵانی دواتریشدا پلەکەی بەرز کرایەوە بۆ عەریف.
پاش ئەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٩ پۆڵۆنیای داگیر کرد، جۆزیف ستالین ساڵی ١٩٤٢ لەسەر پێشنیاری بەریتانیا هەموو سەربازە دیلەکانی پۆڵۆنیای ڕزگار کرد و سوپایەکی پۆڵۆنی بە فەرماندەیی ڤیلادێسلاڤ ئەندرس کە لەو کاتەدا لە تاراوگەی لەندەن دەژیا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی نازییەکان پێک هێندرا. ساڵی ١٩٤٢ ئەو سوپایە لە سۆڤێتەوە بەڕێ کەوت بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی لەوێ پەیوەندی بە سوپای بەریتانیاوە بکات و لەوێشەوە بچنە باشووری ئیتاڵیا بۆ ئازادکردنی. کاتێک سوپای پۆلۆنی گەیشتە شاری هەمەدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، منداڵێکی کورد (کۆمێنتی یەکەم) بەچکە ورچێک کە دایکی لەسەر دەستی ڕاوچییەکی ناوچەکە کوژراوە، بە دیاری دا بە سەربازە پۆڵۆنییەکان.
پۆڵۆنییەکان زۆر خۆشحاڵ بوون بەو دیارییە و ناوی "وۆیتێک"یان لە ورچەکە نا. ڕۆژانە شیر و هەنگویان دەدایێ و تەنانەت فێری خواردنەوەی ئەلکهۆل و کێشانی جگەرەیش بوو. ڤۆیتێک شان بە شانی سوپای پۆڵۆنیا و بەریتانیا گەیشتە میسر. کاتێک لەوێ بڕیار درا کە سوپا بەرەو باشووری ئیتاڵیا بەڕێ بکەوێت، پۆڵۆنییەکان ناچار بوون ڤۆتێک بە فەرمی لە سوپادا تۆمار بکەن و ژمارەی سەربازیی بدەنێ، چونکە بە پێی یاسا سەربازییەکانی بەریتانیا لە کەشتیدا مۆڵەت بە گواستنەوەی هیچ جۆرە ئاژەڵێک نەدەدرا.



بەکر شوانی

ساڵی ١٩٤٤ لە کاتی شەڕی مۆنتی کاسینۆی دژ بە سوپای ئەڵمان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕۆما کاتێک سەربازە پۆڵۆنییەکان سندووقی گوللەتۆپیان لە بارهەڵگرەکانەوە بۆ لای تۆپەکان دەگواستەوە، ڤۆیتێکیش بە لاساییکردنەوەی ئەوان دەستی دایە کار و هەوڵی دا وەک هاوڕێکانی بکات.
دوای ئەو شەڕە، فەرماندەیی ٢٢ی کۆگای تۆپخانە وەک ڕێزێک بۆ ڤۆیتێک لۆگۆی تۆپخانەیان گۆڕی بۆ ورچێک کە گوللەتۆپێک دەگوازێتەوە.
پاش تەواوبوونی شەری دووەمی جیهانی، ڤۆتێک و هاوڕێکانی فەرماندەیی ٢٢ی کۆگای تۆپخانە ڕەوانە کران بۆ سەربازگەیەک لە سکۆتلەندا. دوای ئەوەی لەبەرەوە سەربازەکان بەرەو وڵاتەکانی خۆیان گەڕانەوە، حکوومەتی بەریتانیا ڤۆتێکی نارد بۆ باخچەی ئاژەڵانی ئەدنبێرە و تا مردنی لە ساڵی ١٩٦٣دا لەوێ مایەوە. بەڵام هاورێکانی هەرگیز لە بیریان نەکرد و بەردەوام دەچوونە سەردانی.
ڤۆتێکی کوردستانی لەم کاتەدا لە پۆڵۆنیا چەند پەیکەرێکی نایابی هەیە و چەندین جاریش خراوەتە سەر پوول و تەنانەت سرووشبەخشی هەندێک کاری ئەدەبی و هونەریشە لە زمانی پۆڵۆنیدا...

# گوتراوە گەورەکان: ئایا تاکەکەس تا کوێ و چەند ئازادە؟

## پرنسیپی زیانگەیاندن و ئازاردان. harm principle دکتۆر مەریوان قانع



لە ساڵی ١٨٥٩ دا دوو کتێب لە ئەوروپادا بڵاودەبێتەوە، کە کاریگەرییەکی هێجگار گەورە لەسەر دونیای دوای خۆیان بەجێدەهێڵن. یەکەمیان کتێبی "ڕەچەڵەکی ڕەگەزەکان"ی چارلس داروینە و دووهەمیشیان کتێبی "دەربارەی ئازادیی" فەیلەسوفی ئینگلیزیی جۆن ستیوارت میلە. کتێبەکەی میل کتێبی بەرگریکردنێکی سەرسەخت و هەمەلایەنە لە ئازادیی تاکەکەس و وەک ئینجیلی لیبرالیزمیش وێنادەکرێت. لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا میل یەکێک لە پرنسیپە هەرە سەرەکییەکانی ناو فیکر و دونیابینیی لیبرالیزم بەرهەمدەهێنێت، کە "پرنسیپی زیانگەیاندن و ئازاردان"ە، harm principle. ئەم پرنسیپەش پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی بە چەمکی ئازادیی تاکەکەسەوە هەیە . لەم کتێبەدا میل بەرگریی لەوەدەکات کە تاکەکەس پێویستە ئازادییەکی گەورە و بەرفراوانی هەبێت، نە دەوڵەت و نە کۆمەڵگا، نە دین، بڕیاری سیاسیی و نە ڕای گشتیی، نابێت ئەو ئازادییانە سنووردار بکەن. جەوهەری تاکەکەس ئازادیە و پێویستە ئەم ئازادییەی بۆ دەستەبەربکرێت. بێگومان میل دەزانێت ئازادیی هیچ تاکەکەس و گروپێک ئازادییەکی ڕەها و بێسنوور نییە. هەمیشە بەربەستێک هەیە کە ئەو ئازادییە نابێت و ناکرێت تێیپەڕێنێت. بۆیە پرسیاری سەرەکیی کتێبەکەی ئەوەیە ئایا ئەو بەربەستە چییە و کامەیە؟ لە وەڵامدا میل "پرنسیپی زیانگەیاندن و ئازاردان"دا پێشنیاردەکات. لەم ڕووەوە میل دەنووسێت: "تەنها ئامانجێک کە بەهۆیەوە دەکرێت دەسەڵات بەشێوەیەکی یاسایی بەسەر هەر ئەندامێکی ناو کۆمەڵەیەکی شارساتنیدا، دژ بە ویست و ئیرادەی خۆی، پیادەبکرێت، ڕێگرتنە لە زیانگەیاندن بە وە ئازاردانی کەسانی تر " بە مانایەکی دیکە تاکەکەس لە هەموو کار و کردەوەیەکیدا ئازادە و نابێت هیچ سنوور و ڕێگرێک لەبەردەم ئازایدا بەرزبکرێتەوە، چ لەڕێگای دەوڵەتەوە یان لە ڕێگای کۆمەڵگاوە، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە ئەو ئازادییە ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن و ئازاردانی کەسانیتر. ئازادیی تاکەکەس مەسەلەیەکی بنەڕەتییە و ئەگەر پیادەکردنی نەبێتە هۆی گەیاندنی ئازار و زیان بە کەسانی دیکە، نابێت هیچ لایەنێک سنووررداری بکات. نە دەوڵەت لەڕێگای دەسەڵاتەکانی خۆیەوە، نە کۆمەڵگاش لە ڕێگای "ڕای گشتیی" یان ئەو دەسەڵاتە مەعنەوی و ئەخلاقییەوە کە لە فۆرمی توندوتیژیی ڕەمزیدا دەتوانێت تاکەکەس بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. لای میل مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیە و ئەم ئیرادەیەش بە بەردەوامی ئازادە، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە ئازادیی ئەم ئیرادەیە زیان بەوانیتر دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی ئازاردانیان. مادامەکی کەسێک ئازار بە دەوروبەرەکەی ناگەیەنێت، پێویستە ئەو دەوروبەرە وازیلێبهێنن بەو شێوەیە بژی کە خۆی دەیەوێت . لە دیدی ئەم فەیلەسوفەدا مرۆڤ لە ژیانیدا دووجۆر ئاکاری هەیە. یەکەمیان ئەو ئاکارانەیە کە تایبەتە بە خودی خۆیەوە. دووهەمیان ئەو ئاکارانەیە کە پەیوەندیی بە کەسانیترەوە هەیە. بە بۆچونی میل مۆرڤ لە یەکەمیاندا تەواو ئازاد و سەربەخۆیە، بەڵام لە دووهەمیاندا پێویستە ئەو ئاکارانە بەپێی یاسا ڕێکبخرێن .تاکەکەس خاوەنی جەستە و بیرکردنەوەی خۆیەتیی و بە شێوەیەکی ڕەها ئازادە تیایاندا. لێرەدا تاکەکەس بوونەوەرێکی سەروەرە و هێندەش ئازادە تەنانەت ئەگەر هەڵسوکەوتەکانی زیان بە خودی خۆی بگەیەنێت و خۆی ئازار بدات، دەوڵەت و کۆمەڵگا بۆیان نییە دەستبخەنە ژیانی ئەو تاکەکەسەوە و ڕێگری لێبکەن. "پرنسیپی زیانگەیاندن و ئازاردان" پەیوەندیی بە ڕێگرتن لە ئازاردانی کەسانیترەوە هەیە، نەک ئازاردانی خود خۆیەوە. پاراستن و بەرگریکردن لە قازنجی کەسە خۆی، پاراستنی لەوەی کە خۆی ئازاری خۆی نەدات و زیان بەخۆی نەگەیەنێت، نابێت ڕێگا بەوە بدات کە دەوڵەت یان کۆمەڵگا سنوور بۆ کارەکانی دابنێن. تاکەکەس هێندە ئازادە دەتوانێت ئازاریش بەخۆی بگەیەنێت و زیان لە ژیانی خۆی بدات، بەبێ ئەوەی لەدەرەوەڕا ڕێگریی و کۆسپ بۆ ئەو کارە زیانبەخشانە دروستبکرێت، مادامەکی ئەو کارانە نابنە هۆی ئازاردان و زیانگەیاندن بە کەسانیتر.



بە کورتیی کاتێک هەڵسوکەوتی تاکەکەسێک هەڵەیە و دەبێت ڕێگریلێبکرێت، کە زیان بە کەسانی دیکە بگەیەنێت، یان ئەوەی ئەرک و بەرپرسیاریەکی لەسەربێت و ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتییانە جێبەجێ نەکات و بەمەش ئازاری ئەوانە بدات و زیانیان پێبگەنەیێت کە چاوەڕوانی ئەوەن ئەو کەسە ئەو کارانە ئەنجامبدات. یەکێک لەو نموونانەی کە بەردەوامی بۆ شیکردنەوەی ئەم پرنسیپە دەهێنرێتەوە مەسەلەی خواردنەوەی ئەلکھولە، بەپێی ئەم پرنسیپە ئەگەر خواردنەوەی ئەلکھول بەجۆرێک بێت تەنها زیان بەو کەسە بگەیەنێت کە دەیخواتەوە، تا ئەو شوێنەش کە بیکوژێت، ئەمەیان مەسەلەیەکە و خۆی لێیبەرپرسیارە. نە دەوڵەت و نە کۆمەڵگا بۆیان نییە دەست بخەنە ئەم مەسەلەیەوە. بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی کە ئەلکھول دەخواتەوە بەڵام دوای خوردنەوەکە لەسەر شەقامێکی گشتیی ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕێت، ئەودەم خواردنەوەکەی دەشێت زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت، بۆیە دەبێت سزا بدرێت. پرنسیپی زیانگەیاندن و ئازاردان جیاوازە لە مەسەلەی بێزاربوون و بێتاقەتکردنی کەسانیتر، ڕەنگە کەسانێک بە جۆرێکی تایبەت لە هەڵسوکەوت قەڵس ببن، پێیان ناخۆشبێت و بێزاربن، بەڵام ئەمە جیاوازە لەوەی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە زەرەریان لێبدات. بێزاربوون و زیانگەیاندن دووشتی لەیەکدی جیاوازن، قەڵسبوون و ناڕەحەتی سایکۆلۆژیی بەرامبەر بەوەی کەسێک ئەنجامیئەدات، یەکسان نییە بەوەی کە کەسێک لەڕێگای هەڵسوکەوتێکی تایبەتەوە زیان بە کەسێکی دیکە بگەیەنێت. بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە مرۆڤ کاتێک دەبینێت مرۆڤێکی دیکە خەریکی ئازاردانی خۆی و گەیاندنی زیانە بە خۆی، بێدەنگبێت و هیچ نەکات. دەکرێت لەگەڵ ئەو کەسەدا قسەبکرێت، گفتوگۆی لەگەڵدا ئەنجامبدرێت، زیانەکانی کردەوەکەی بۆ شەرحبکرێت، بەڵام کەس بۆی نییە ناچار یان زۆری لێبکات، بۆئەوەی ئەو کارە نەکات .لە ئەزموونی دیموکراسیی لیبرالیانەدا ئەم پرنسیپە کاریگەرییەکی هێجگار گەورەی هەبووە لەسەر دەرکردنی یاساکان و ڕێکخستنی یاسایی ناو سیستمە دیموکراسیە لیبرالییەکان. ئەو وێنەیەی تاکەکەس لەپشتی ئەم پرنسیپی ئازاردانەوە ئامادەیە وێنەی کەسێکی عەقڵانیی و سەربەخۆیە کە خۆی بەرپرسیارە لە هەڵسوکەت و بڕیارەکانی خۆی، نەک کۆمەڵگا و دەوڵەت. ئەم وێنەیە وێنەی تاکەکەسە وەک کەسێکی سەربەخۆ و کامڵ، خاوەن عەقڵ و ئیرادەیەکی سەربەخۆ، نەک وەک منداڵێک یان بوونەوەرێکی نوقسان کە پێویستی بە چاودێریکردنی کەسانێکی تر هەبێت، کە خۆیان بە چاوساغ و ڕێنیشاندەری ئەو بزانن. بەبۆچونی من مامەڵە نەکردنی تاکەکەس وەک بوونەوەرێکی کامڵ و سەربەخۆ و دەستخستنە ناو بڕیارەکان و ژیانییەوە، بەناوی هەر جۆرە چاوساغیەکەوە، لەڕووی ئەخلاقییەوە هەڵەیە، لەڕووی سیاسییەوە دەبێت هۆی دروستکردنی دیکتاتۆریەت، لەڕووی کۆمەڵایەکتیشەوە دەبێت بەهۆی ڕێگرتن لە دروستبوونی کۆمەڵگایەکی ئازاد.

# نەوتی کەرکوک: چەند ساڵێك بەختەوەری و دەیان ساڵ دەردەسەری

## - بەشی یەکەم - دکتۆر جەبار قادر

بیرۆکەی ئەم باسە لەوێوە سەرچاوەی گرت کاتێ لە ڕۆژی ٣ دیسەمبەری ٢٠١٤ ئەندامی لیژنەی گفت و گۆی تێزی دکتۆرای کاک دڵشاد عومەر عەبدولعەزیز بووم"ئێستا دکتۆر و سەرۆکی بەشی مێژووە لە زانکۆی کەرکوک". تێزەکەی بەم ناونیشانە بوو: "کۆمپانیای نەوتی عیراقی سنووردار: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بە چالاکییە ئابوری و خزمەتگوزارییەکانی(١٩٢٧ – ١٩٧٢)". دکتۆر دڵشاد تێزەکەی لە زانکۆی مووسڵ بە زمانی عەرەبی ئامادە کردبوو. سەرپەرشتیاری تێزەکەشی دکتۆر زوهێر نەحاس بوو، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەکێ لە قوتابییەکانم بوو لە بەشی مێژووی ئەو زانکۆیە. بە هۆی ئەوەی ئەو دەمە داعش مووسڵی داگیر کردبوو، گفت و گۆکە لە زانکۆی کەرکوک کرا. بۆ من تا بڵێی دەرفەتێکی خۆش بوو بۆ یەکەم جار گفت و گۆی تێزێکی دکتۆرا لە زانکۆی کەرکوک بکەم لە گەڵ هەردوو هاوڕێی بەڕێزم پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل عەلی موراد و عەلی شاکر، کە لە ئامادەیی موسەڵا لە کەرکوک و دواتر لە زانکۆی بەغدا پێکەوە قوتابی بووین و دواتریش وەک مامۆستا لە زانکۆی مووسڵ یەکمان گرتەوە، واتا زیاتر لە پەنجا ساڵە یەک دەناسین. بەڕێزان دکتۆر نەبیل عەگید مەحمود و دکتۆر موئەیەد مەشهەدانیش ئەندامی لیژنەکە بوون. دواتر دکتۆر دڵشاد عومەر داوای لێکردم پێشەکییەکی بۆ بنووسم بۆ ئەوەی تێزەکەی وەک کتێب بڵاو بکاتەوە. بە پێی ئەوەی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکرێتەوە بۆیە منیش دەبوایە پێشەکییەکەم هەر بەو زمانە بنووسم. پێم باش بوو پوختەیەکی کورتی ئەو پێشەکییە، کە هێشتا بۆ دکتۆر دڵشادم نەناردووە و ئەویش پێناچێت زۆر پەلەی بیت لە بڵاوکردنەوەیدا، بە زمانی کوردی بخەمە بەر دەم خوێنەران. لەم گوتارەدا لە سەر بنەمای زانیارییەکانی تێزەکەی دکتۆر دڵشاد وردەکاری چالاکییە ئابوری و خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراق لە کەرکوک دەخەمە ڕوو. لێرەدا باس لەو چالاکی و خزمەتانە دەکەم کە کۆمپانیاکە لە سەردەمی "کۆڵۆنیالی بریتانی"دا پێشکەش بە شاری کەرکوک و کەرکوییەکانی کردووە. سەردەمی دواتریش کاتێ دەسەڵاتی بە ناو "نیشتمانی!!!" دەست بەسەر ئەم سامانەدا دەگرێت لە وێرانکاری، پاکتاوکردنی ڕەگەزی، میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگا، هەڵگیرساندنی شەڕ و شوڕ وماڵوێرانی زیاتر هیچ بە کەرکوک و کوردستان پێشکەش ناکات. بیست ساڵی یەکەمی لێ دەرکەی، کە ئەویش زۆربەی جارەکان بە قازانجی کورد نەبوو، ئەوا بۆ ساڵانی دواتر و تا ئەمڕۆ هەموو دیاردە نەرێنی و دەردەکانی نەوت زۆر بە زەقی لە کەرکوکدا بەرجەستە بوونە. بە سەدان کتێب و توێژینەوەی زانستی لە سەر وزە بە گشتی و نەوت و غاز بە تایبەتی لە دونیادا بڵاوکراونەتەوە و بە بەردەوامی بڵاودەکرێنەوە. بەشێکی گرنگی ئەم بەرهەمانە باس لە پەیوەندی توند و تۆڵی سامانی نەوت و سیستەمە دیکتاتۆرییە درێژخایەنەکان دەکەن. هەروەها ئاماژە دەکەن بە نەبوونی دیموکراسی لە بەشێکی زۆری وڵاتانی خاوەن نەوتدا. باسی ئەوەش دەکەن کە چۆن داهاتی زۆری نەوت و غاز کۆمەڵگاکان تەمەڵ دەکات و خەڵکەکانی وا لێدەکات دەست لە کار و چالاکی ئابوری بەردەن و سەیری دەستی حکومەت بکەن. هەر لێرەشەوەیە ئەو وتە ناماقوڵە پەیدا بووە کە زوو زوو گوێمان لێی دەبێت، گوایە حکومەت باوکی میللەتە، نەک خزمەتکاری وەک لە وڵاتانی دیموکراتیدا سیستەمی سیاسی لەسەر دامەزراوە. ئایە نەوت و سامانە سروشتییەکان تەنها بەخشش و مایەی ناز و نیعمەتن یا نەفرەت و تالاو و ژەهراون؟. ئەم پرسە پانتاییەکی فراوانی لە بەرهەمی توێژەران و نووسەراندا گرتۆتەوە. وەڵامەکان هەمیشە ڕێژەیین و کەس ناتوانێ بە ڕەهایی قسە لە سەر ئەو پرسە بکات. سامانە سروشتییەکان و داهاتە زۆرەکانیان لە هەندێ ولاتی وەک نۆرویژ، ئەمێریکا، بریتانیا و کەنەدا بوونەتە مایەی خۆشگوزەرانی، بۆ وڵاتانی وەک عیراق، لیبیا، نەیجیریا، فەنزەوێلا، جەزایر و ئێران..تاد بوونەتە تالاو و نەفرەت و هۆکاری ئاژاوە، شەڕ، ماڵوێرانی، گەندەڵی و کارەسات. لە هەندێ وڵاتی دیکەش لە سەر ئاستی ئابوری جۆرێک لە خۆشگوزەرانیان بۆ گەلەکانیان دابین کردووە، بەڵام لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی دیسپۆت و کۆمەڵگای خێڵەکی و داخراویان بەرهەم هێناوە .پرۆفیسۆر مایکڵ ڕۆس لە کتێبی"نەفرەتی نەوت، سامانی نەوت چۆن فۆرمولەی گەشەی نەتەوەکان دەکات" هۆکارەکانی ئەوە دەپرسێت کە بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت کەمتر گەشە دەکەن و دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی بە خۆیانەوە نابینن و زیاتر خەریکی شەڕ و شوڕ و ئاژاوە نانەوەن، چی ئەم نەفرەتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە؟. بۆچی وڵاتانی وەک نۆرویژ، ئەمێریکا، کەنەدا و بریتانیا توانیان ئەم سامانە بکەن بە مایەی خۆشگوزەرانی و ناز و نیعمەت، لە کاتێکدا وەڵاتانی دیکەی وەک عیراق، ئێران، لیبیا، جەزایر ...تاد

کردیان بە تالاو و نەفرەت بۆ گەلەکانیان؟. بیرۆکەی نەفرەتی نەوت لەم ساڵانەی دواییدا باڵی کێشاوە بە سەر پانتاییەکی فراوانی دانیشتوانی وڵاتانی خاوەن نەوتدا، سەد خۆزگە دەخۆن ئەو سامانەیان نەبوایە. لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە دەوڵەتانی خاوەن نەوت دەزگا سیاسییەکان لاواز دەکرێن، دەسپێشخەری تاکەکان دەکوژرێن، پارەی زۆر بۆ نانەوەی ئاژاوە و شەڕ لە دەرەوەی وڵات تەرخان دەکرێن. دەستگرتنی گروپێکی ئۆلیگارکی بچووک بەسەر دەسەڵات و سامانی وڵاتدا زۆر جار دەبێتە هۆی شەڕی نێوخۆیی خوێناوی، کۆسپ دروستکردن لە بەردەم چالاکی پیشەسازی و لە نێوچوونی ژیانی پیشەسازی و کشتوکاڵی کە ژنان چالاکانە بەشداری تێدا دەکەن. ڕۆس نموونەی ئەوە دێنێتەوە کە بەشداری ژنانی جەزایری خاوەن نەوت لەم دوو بوارەدا لە دەستە خوشکەکانیان لە مەغریب و تونس کەمترە.




کۆکردنەوە و کەڵەکەبوونی داهات و سەروەتێکی زەبەلاح لە دەستی دەوڵەتدا دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو خەڵک لە بژێوی ژیانیاندا چاویان لە دەستی دەوڵەت بێت. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکە ناکۆکە بەوەی حکومەت خزمەتکاری خەڵکە و دروشمی حکومەتی باوکی میللەت جێگەی دەگرێتەوە. هاوتەریب لە گەڵ ئەمەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لاواز دەبن و لە بەرامبەر توانا زەبەلاحەکانی دەوڵتدا هیچیان پێ ناکرێت . لە بواری ئاکامە خراپەکانی داهاتی زۆر و لە ناکاوی سامانە سروشتییەکاندا زۆر جار ئاماژە بە دەردە هۆڵەندی“Dutch Disease " وەک نموونە دەهێنرێتەوە، کاتێ لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نەوت و غاز لە دەریای باکور دۆزرانەوە و دەست بە هەناردەکردنیان بۆ دەرەوە کرا، بەهای گوڵدن یا گیڵدەری هۆڵەندی بەرزبووە و ڕێژەی هەڵاوسان و بێ کاریش هەمیشە لە هەڵکشاندا بوو. ئەم بارە بە شێوەیەکی نەرێنی کاری کردە سەر هەناردەی بەرهەمە پشەسازی و کشتوکاڵییەکان و بووە هۆی پشتگوێ خستنیان. ساڵی ١٩٧٧ گۆڤاری ""The Economist بۆ یەکەمین جار ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێنا. بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی دیکەی داهاتی غاز و نەوت تەمەڵکردنی کۆمەڵگای هۆڵەندی بوو. دواتر کاتێ بیرە نەوتییەکان وشکیان کرد خەڵک بە ئاگا هاتنەوە و هەوڵیاندا خۆیان لە ئاکامەکانی ئەو نەخۆشییە ڕزگار بکەن. بەرهەمەکەی ئەوەیە کە خەڵکی هۆڵەندا ئێستا بە یەکێک لە چالاکترین گەلانی دونیا دەژمێردرێ لە بوارەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری ...تاد .

ئەوی دەیەوێت لەم باسە وردبێتەوە ئەوا دونیایەک سەرچاوە و زانیاری لە بەردەستدان، بۆیە من لێرەدا ئەوەندە باسی ئەم تێزانە دەکەم، کە پەیوەندییان بە نەوتی کەرکوکەوە هەیە. من نەپسپۆری نەوت و سامانە سروشتییەکانم و نە لە ئابوریشدا شارەزام، بۆیە تەنها لە دیدی مێژوویی و سیاسەتی داگیرکەری بەریتانی و عیراقییەوە لە پرسەکە دەکۆڵمەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە کتێبەکەی پرۆفیسۆر ڕۆس دەکەم:

Ross, Michael. 2012. The Oil Curse : How Petroleum Wealth Shapes the Development of Nations /. Princeton University Press

# مارك توین(١٨٣٥-١٩١٠) نووسەرێکی ئامریکایی بەناو و دەنگ




نووسەرێکی ئامریکایی بەناو و دەنگە، هاوڕێی زۆربەی سەرۆک و هونەرمەند و کەسایەتییە ناسراو و ئەندامانی خانەوادە دەسترۆیشتووەکانی ئەوسای ئامریکا و ئاوروپا بووە، بە نووسینە تەنزئامێزەکانی ناوبانگی دەرکردووە، لەوانەش: تۆم سویر کە لەساڵی ١٨٧٦نووسراوە، ماک توین، لەدێیەک بەناوی "فلۆریدا" بەدنیا هاتووە و باوکی بازرگان بووە، دوای مردنیی بە مەزنترین ساتیرنووسی ئامریکا ناسراوە و "ولیەم فۆکنز"یش نازناوی"باوکی ئەدەبی ئەمریکایی" پێ بەخشیووە، ئەم نووسەرە جگە لەرۆمان چەندین گوتەی بەپێزی لەڕووی کۆمەڵایەتیی و سیاسی و ئابووری و مرۆڤایەتییەوە نووسیوە، لێرەدا هەندێکی دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان هەر دەڵێی بۆ ئەمرۆی نوسیوە:-

*دز ماوەی هەڵبژاردن لەنێوان ژیان و جزدانی پارەکەت پێدەدات، بەڵام ژن هەردووکی گەرەکە!

*سیاسییەکان وەک دایبی منداڵانن، دەبێ بەردەوام بگۆڕدرێن لەبەر هەمان هۆ.

*هەموو جۆرە دزێوییەک دەکەن، تا ناچارت بکەن کۆچ بکەیت، دواتر بێ گوناهانە پرسیار دەکەن: لەبەرچی ڕۆیشتی؟!

*لەدواوە قسەت پێدەڵێن، چونکە خۆیان بەڕاستی لەپشتەوەن.

*گەر خانمێک تا رادەی مردن رقی لەپیاوێک بێتەوە، ئەوە بزانن، کە تا پلەی مردن خۆشی ویستووە.

*مرۆڤ تاکە گیاندارە کە شەرمدەکات، چونکە ئەو بەتەنها خۆی کاری شەرمهێنەر ئەنجام دەدات.

*لەدەستدانی کێش، گەورەترین بەڵگەیە، کە هەندێ لەدەستدان بردنەوەیە.

*ئاگاداری کتێبە تەندروستییەکان بە، ڕەنگە بمریت بەهۆی هەڵەیەکی چاپ!

* گەر سەگێکی برسیت تێرکرد، ئیتر گازت لێناگرێت، هەرئەمەشە جیاوازی نێوان ئەو و مرۆڤ.

*گەر کەسێک بروا بەژنێک بهێنێت، کەخۆشی بوێت، ئەوا هەرگیز ناکەوێت.

*کاتێک حەز بە ڕۆیشتن دەکەن، ئەوجا چەندین عەیبی بێ کۆتاییت بۆ دروست دەکەن.



موزەفەر عەزیز– ئەڵمانیا

*گەر لەپێناو ئەوەی خۆشت دەوێت تێناکۆشیت، ئەوا بێدەنگیش بە کاتێ لەدەستی دەدەیت.

*گەر خۆت بینییەوە کە لەنێو زۆرینەدایت، کەواتە کاتی گۆڕان هاتووە.

*وازهێنان لەجگەرەکێشان لەخۆی ئاسانتر نییە، سەدانجار کردوومە!
*تا خەڵک زیاتر بناسم، خۆشەویستیم بۆ سەگەکەم زێتر دەبێت.

*بە لەپەنجەرە فریدان ناتوانیت لەداب و نەریت دەربچیت، بەڵکو دەبێت لەسەر پەیژە دابنێت و خۆی هەنگاو هەنگاو بچێتە خوارەوە.

*بەربڵاوترین شتی سەر گۆی زەوی: ئوکسجین و گەمژەییە.

*ڕاستگۆیانە کەسێ بریندار بکە،بەڵام هەرگیز بەدرۆ خۆشحاڵی مەکە.

*دوای بیست ساڵ لەو شتانە پەشیمان دەبیتەوە، کە لەژیانتدا نەتکردوون.. بۆیە لەمپەرەکان بشکێنەو دوور لە کەناری ئارام مەلە بکە.

*لەوە جوانتر نییە، یەکێک پێت بڵێت، کە تۆ هۆیەکیت بۆ بەختەوەری ئەو.

*نهێنی سەرکەوتن و پێشکەوتن لەکاردا، ئەوەیە کە دەست بەئیش بکەیت.

*بەدوای کەسێکدا مەگەڕی کەگرفتەکانت چارەسەر بکات، بەڵکو بەدوای کەسێکدا بگەڕی، کە لێنەگەڕێت بەتەنها ڕووبەڕووی بیتەوە.


*هەموو ڕۆژێک ئەو دەرفەتە بەخۆت بدە، کە ببێتە خۆشترین ڕۆژی ژیانت.

*تا لەترس رزگارت بێت، ئەو شتانە ئەنجام بدە، کە دەتترسێنن.

لەکۆتاییشدا ماوە بڵێین، کاتێک مارک توین ڕستەی "را بکە کارەکەمان ئاشکرا بوو" بۆ دە لەکەسایەتییە مەزن و بەرچاوەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا دەنێرێت، بۆ بەیانییەکەی....هەر هەموویان ئامریکایان جێهێشتبوو!!!

وەرگێراوە ....

## بەرهەمە شێوەکارییەکانی هۆشیار سەعید لە پێشانگەیەکدا



رۆژی 2019/1/17 هونەرمەند هۆشیار سەعید لەپێشانگەیەکدا کە لە گەلەری ئاتراوم لەهۆڵەندا کرایەوەو دوا ئەزموونە هونەرییەکانی خۆی خستەڕوو. لەپێشانگەکەدا هۆشیار سەعید، ژمارەیەک تابلۆو پەیکەر کە کاری نوێی ئەم هونەرمەندە بوون نمایشکردو پێشانگەکە هەتا مانگی 3 بەردەوامدەبێت. هۆشیار سەعید، یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی کورد کە شێوازی کارکردنی تایبەت بەخۆی هەیە. لەدایکبووی شاری سلێمانییەو دەرچووی بەشی پەیکەرسازیی ئەکادیمیای ئەمستردام-ە. پێشتر چەندین پیشانگەی تایبەت و هاوبەشی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد





## هاوژین جەلال وەستا ئەمین بەنا

لە سلێمانی لە کەڕەکی صابونکەران، ڕۆژی 23-10-1968 لەدایک بووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ساڵی 1984 بۆ ساڵی 1990ە، بەشی پەیکەرسازی بەپلەی نایاب تەواو کردووە. مامۆستایان حیکمەت هندی، سوعاد ستار، دارا حەمە سەعید هاندەری بوون، بەشداری زیاد لە 30 بیشانگەی تایبەت و هاوبەشدا کردووە، لەگەلێک کاری گەورەدا لە بەردەرکی سەرا بەشدار بووە بۆ دروستکردنی پەیکەری پیرەمیردی شاعیر ساڵی 1987 لەگەڵ مامۆستا دارا حەمەسەعید، پاشان کە پەیکەرەکە تەواو بوو، ڕژێمی بەعس ڕازی نەبوو، بەدانانی ئەمانیش بە هاوکاری بەڵێندەرەکە، لە ناودیواری تەنیشتیدا دایانپۆشی و شاردیانەوە تا ڕاپەڕین، هەروەها بەشداری کردووە، لە پەیکەری ئیبراهیم پاشای بابان، لەگەڵ هونەرمەند عەبدولڕحمان عومەر و بەشداری کارای لەدروستکردنی دیکۆری شانۆی و شانۆی منداڵان و زۆر کاری دیکەی کردووە.

هاوژین لە خانەوادەیەکی هونەریدا پەروەردە بووە، باوکی هاندەری سەرەکی بووە، چونکە خۆی لەهونەری شێوەکاری و شانۆدا چالاک بووە و ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی و مامۆستای هونەری شێوەکاری بووە، نەوژینی براشی دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەشی شانۆیە، هاوژین لە منداڵیەوە خولیای هونەری شیوەکاری بووە، لەبەکارهێنانی ڕەنک و بەکارهێنانی قوڕ و بۆرەک، ئێستاش مامۆستای هونەرە لەباخچەی منداڵانی زیوا.

ئەم زانیاریانەم لە هونەرمەند خۆی وەرگرتووە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/hawzhenjalal.wastaamin.7








# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E-mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807